The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

## بانگەواز بۆ پێک هێنانی پلاتفۆرمی هاوبەش
## بۆ وەڵامدانەوە بە ملهوڕیەکانی دەوڵەتی تورکیاو ئێران

جەماوەری خەڵکی کوردستان

کوردستانیانی دڵسۆز لەهەر کوێیەکی ئەم دنیایە

سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکان

رێخراوە جەماوەریەکان و کۆمەڵەکانی ژنان لاوان و کۆمەڵەرۆشنبیریەکان

کەسایەتیە سیاسی و جەماوەریەکان و سەجەم خەڵکی کوردستان ...

لەشکر کێشی و هەرەشەو تۆپبارانی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاو ئێرانەوە ماوەیەکە بەبیانووی جیاجیا دەستی پێکردووە ولەکەس شاراوەنیە. نەک هەربۆخەڵکی کوردستان بەڵکو سەرجەم ناوەندە سیاسی و میدیاکانی دونیای بەخۆوە خەریک کردووە . چەندین دێهات چۆڵ کروان لەبەر تۆپباران و هەرەشەو ترسی داگیرکەران و پەلاماردانی سەربازی، چەندان رەزو باخ و ناوچەکانی کوردستان بە جۆرەها چەک بۆمباباران دەکرێن و لەناوئەوانەدا چەکی قەدەغە کراوی وەک کیمیاوی و بۆمبی هێشوویی بەکار هاتوون .

هەرەشەو ئەنفال و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان بەردەوامەو خەریکە جارێکی تر بەشیوەیەکی فراوانتر لەلایەن دەوڵەتی تورک و ئێرانەوە زۆرکاریگەرتر و بەرنامە بۆدارێژراو کاریان لەسەردەکرێت. ئازادی و کەسایەتی مرۆڤی کوردو خەڵک و خاکی کوردستان لەهەموو رۆژ زیاترلەبەرانبەر هەرەشەدان و سەرجەم دەستکەوتەکانی و راپەرینەکانی و خەباتی، بەتوندی لەژێر هەرەشەو لەبەرانبەر لەناوچووندا دانراون .

ئەم بارودۆخە لەهەموو کات زیاتر بەرپرسێتی و ئەرکی گرنگمان دەخەنە ئەستۆ کەدەبێت بەرێگای هوشیارانەو یەکگرتووانە وەڵامیان بدەینەوە، ئێمە بەیەکگرتووانە و بەهێزی هەمووان زۆر کاری گرنگمان لەدەست دێت . دەتوانین لەهەموو شوێن و بەزۆر رێگا بەرپەرچی ئەم پەلامار و هەرەشانە بدەینەوە و داگیرکەران لەکۆرو کۆمەڵە ناودەوڵەتیەکان و دونیادا بەتاڵبکەینەوە و دەتوانین لەماڵی خۆیاندا وەڵامی خەڵکی کوردستان و هێزی ئەوانیان پیشان بدەین.

بۆئەم ئامانجە ئێمە ئەم پرۆژەی کارە دەخەینە بەردەست و دەکرێت بەهەمووان دەوڵەمەندی بکەین و کاری دەستبەجێی لەسەربکەین.

1- پێک هێنانی دەستبەجێی کۆمیتەی هاوبەش لەهەموو وڵات و جێگاکان بەبەشداری هەمووان و کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ خۆسازدان و کۆکردنەوەو زەمینەسازکردن بۆ خۆپیشاندانی فراوان بە خاووخێزانەوە، لەبەردەم سەفارەتەکانی دەوڵەتی تورکیا،پەرلەمانی ئەوروپی ،نەتەوە یەکگرتووەکان،ئێران و ئەمریکا دا .

2- کردنەوەی کەمپینێکی فراوان و داوای هاوپشتی و هاوکاری کردن لەهێزەسیاسیە ئەوروپی و ئەمریکی و جیهانیەکان و داوای هاوکاری و بەشداریان لەم کەمپینەدا و بەکارهێنانی هەموو کەناڵە دیپلۆماسیە حیزبی و ڕۆشەنبیری و کوردی و غەیرەکان بۆ پەیوەندی گرتن و هەڵخراندنی هەموو هێزەدۆست و ئینساندۆست و سیاسیەکان.

3- خستەگەڕو بەکارهێنانی  هەموو کەناڵەکانی میدیای کوردی لە حیزبی و ناحیزبی وە بەکار هێنانی هەموو ناوەندە هەواڵنێرییە گرنگەکانی دونیا بۆ ئەم کارە.

4- بەلاوەنانی هەموو کێشەیەکی سیاسی و حیزبی و جیاوازیەکان ، وەبیرهێنانەوە لەوەی کەلەکاتی ئەنفال و هەڵەبجەدا داگیرکەران بێ جیاوازی لەناویان دەبردین. پێویستی هەنوکەیی و بەدرەنگ نەکەوتنی کارەکان و دەنگ بەرزکردنەوەو بەرۆک پێگرتنی داگیرکەران.

چاک وەک بەرپرسایرێتی مێژوویی داواتان لێدەکات ، وەرن پێکەوە ئەم ئەرکە گرنە بگرینەئەستۆ، هەمووشانی بدەینە بەر. ئێمە لەمبارەیەوە و بەهیمەتی هەمووان دەست دەدەینە ئەم کارەو هەمووتوانامان بەگەڕ دەخەین.

بۆبەرگرتن بەکۆمەڵکوژی و ژێرپێنانی ماف و ئازدیەکانمان وەرن باوەڵام بەداگیرکەران بدەینەوەو خەونە ژەنگ هەڵاتووەکانیان پووچەڵبکەینەوە.

ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ( چاک)

www.chak.info

chak.org@gmail.com

2007-10-14